# بەرژەوەندیەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان. . !

عوسمان حاجی مارف
ghafur@ukonline.co.uk

عدنان مفتی جیگری سەرۆکی حکومەتەکەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، لە وولاتی میسر چاوپیکەوتنیکی رۆژنامە گەری لە گەل رۆژنامەی ئەهرامدا کردووە و دەلی: "بەرژەوەندی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەستراوە تەوە بە ژیان لە ناو مالی عیراقدا نەك دابەش بونی عیراق".

مانای ئەم قسەیە بە ئاشکرا راگەیاندن و پیش خستنی بەرژەوەندی یەکیتی نیشتمانی کوردستانە لە بەرامبەر بەرژەوەندی خەلکی کوردستاندا، یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەکانیان نەك هەر هیچ کات بە قازانجی خەلکی کوردستان هەنگاویان نەناوە بە لکو هەمیشە بە بەرژەوەندیەکانی خەلکی ناکۆك بون زیانی گەورەشیان پیگەیاندووە، کە لەم بارەیەوە زۆر ووتراوە و نوسراوە و بینراوە، بەلام ئەمجارە خۆ هەلواسینی ئاشکرا و پروپاگەندەی هەردوو حیزبی دەسەلاتدار بە مەسەلەی یەك پارچەیی عیراق و دژایەتی خواستی جیایی کوردستان و ئومید نیشان دان بە دیموکراتیەت لە سایەی صدامدا ئەوەندە پوچ و بێمایە و ناکۆکە بە بەرژەوندیەکانی خەلکی، عدنان مفتی و یەکیتی نیشتمانی ناچارن بە راشکاوی بلین یەکپارچەیی عیراق و دیموکراتیەکەی رژیمی ئیستای صدام لە بەرژەوندی یەکیتی نیشتمانیە تکایە کەس لییان نەشیوێ.

لیرەدا نامەوێ بچمە سەر باسی ناکۆکی پەرژەندی خەلکی کوردستان و عیراق لەگەل یەکپارچەیی خاکی عیراق و دیموکراتیەتەکەی صدام حسین و چارەسەری کیشەی کورد لەم چوارچیوەیەدا کە ئیستا هەردوو حیزبی دەسەلاتدار راشکاوانە بانگەشەی بۆ دەکەن، چونکە سی سالە ئەم خەلکە گەورەترین دەردی سەری و فەلاکەت و ئازار و ئەشکەنجەو ئاوارەیی و مەرگ و بێدەرەتانی لەسەر بەرگری لە نیشتمانی "پیرۆزی" عیراق دەچیژن، هەر بۆیە ناوەرۆکی ئەم قسانە بۆ هەموو و کەس ئەوەندە ئاشکرایە کە ئیستا یە کپارچەیی عیراق و بەرگری لە نیشتمانی عیراق نەك پیرۆز نیەیەو لە بەرژەوندی خەلکی کوردستان و عیراق و تەواو نابیت بەلکو بەردەوامی دانە بە هەمان دەردی سەری و فەلاکەتێ کە سی سالە خەلکی کوردستان و عیراق بەدەستیەوە ئەنالینن، پاراستنی یەکپارچەیی خاك و ریگا گرتن لە جیابونەوەی کوردستان تەنها بە قازانجی ئیستای حکومەتی بەعس و ئەحزابی دەسەلاتدارە لە کورستان.

بەلام ئەمە نە یەکەم جارەو نە و دوا جار کە یەکیتی نیشتمانی بۆ بەرژەوندیە تایبەتیەکانی خۆی هەنگاو بنێ و پروپاگەندەی بۆ بکات، لیرەدا تەنها بەشێ لە بەرژەوەندیەکانی ٢٥ سالی رابردوی یەکیتی بۆ ریزەکانی خۆی و خەلك دەهینمەوە یاد:

کاتێ یەکیتی نیشتمانی سالیك پاش هەرەسی ئاشبەتالی بەرزانی، چەکدارەکانی لە شاخەکانی کوردستان شەری پارتیزانیان دەست پێکرد، هەر هیزیکی دیکە پەیدا بوایە بەرژەوندی یەکیتی وەهای دەخواست شەریکی پێ بفرۆشێ و زەربەیەکی لێبدایە و بەردەوام لە ناو مال و حالی گوندەکاندا لە بەرامبەر هیزەکانی تردا فەزای نائارامی و شەریان بخولقاندایە.

ئەو دەمە بەرژەوندی یەکیتی وای دەخواست کە نە دەبوو کەس بە ناوی حیزبی مارکسی عیراقی بهاتایە مەیدان ئەگینا دەبووە جیگای تانە و تەشەر و پێی دەوترا عیراق چی داگیرکەر و دەبووە دوژمنی کورد و یەککرتنەوەی چوارپارچەی کوردستان و"دەولەتی کوردی".

سالی ١٩٨٤ی یەکیتی بەرژەوەندی خۆی لە خولیکی تازەی سات و سەودا لەگەل رژیمی بەعس دەبینیەوە بۆیە جلال تالەبانی لە سورداش رای گەیاند ئەوان لە پشتەوە خەنجەر لە سوپای عیراق نادەن. بەلام چەندسال دوای ئەوە بەرژەوندی

یەکیتی بوو بەوەی پیش لەشکری سوپای ئیران بکات بۆ ناو هەلبجە ورژیمی درندەی بەعسیش کیمیا بارانی بکات و هەشت هەزار ئنسان ببنە قوربانی.

پاش هیرشی رژیمی بەعس بۆ سەر خەلکی راپەریوی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ و ئاوارەیی ملیونی ئەم خەلکە بەرژەوندی یەکیتی نیشتمانی بوو بەوەی جلال تالەبانی خۆی بگەیەنیتە بەغدا و بە ماچێکی لامل پیروزبایی سەرکەوتن لە صدام بکات.

راگرتنی وەزعی هەلواسراوی کوردستان و گورانی بە ئوردوگایەك كە چارەنوسی نادیارە باشترین فرسەت و گەورەترین قازانجی بەخشی بە یەکیتی نیشتمانی و دامەزراندنی حکومەتیکی ناشەرعی. سالی ١٩٩٤ لە یادی دووسالەی پیکهاتنی "حوکمەت" و پەرلەمانەکەیاندا لە بەرژەوندی یەکیتی و پارتیدا بوو شەری ناو خویی هەلگیرسنن و خەلك لە ئاگری ئەو شەرەدا بسوتنینن.

ئیستاش خستنە سەر پشتی دەرگای سنوری کوردستان بۆ ئاسان کردنی هاتوچۆی سوپا و دەزگای جاسوسی دەولەتانی ناوچەکە لە بەرژەوندی و پاراستنی هیزەکانی یەکیتی نیشتمایدایە.

کردنی هەلبجە و ناوچەکانی دەوربەری بە دیاری و تسلیم کردنی بە دەستەو تاقمی ئیسلامی تیرۆریستی بەرژەوەندیەکی جدیە بۆ حکومەت و ئیمپراتورە بجکۆلەکەی یەکیتی نیشتمانی.

گەرانەوەی پەیوەندی عەشایری و ناساندنی کوردستان بە کۆمەلگەیەکی ئیسلامی و پاراستنی قانونی ئەحوال شەخسی و کوشتنی چوار هەزار ژن لە کوردستان لە بەرژەوندی جۆری ئەو شارستانیەت و کۆمەلەگە مەدنیە کە یەکیتی دەیەوێ.

قەدەغە کردنی هەلسورانی حیزبی کۆمونستی کریکاری و گرتن و کوشتن و زیندانی کردنیان لە پیناو بەرژەوندی یەکیتدایەو سیاسەتێکە بۆ پاراستنی پەیوەندییان لە گەل جمهوری ئیسلامی ئیران و دلسۆزی نیشاندان بۆ یەکپارچەیی خاکی "پیرۆزی" عیراق و سەرۆك صدام.

بەلام ئەوەی هەرەشە لە بەرژەوندیەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان دەکات و سامناکە بۆی: بە گەر کەوتنی دەور و ئیرادەی سەربەخۆی خەلکی کوردستانە بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان، جیایی کوردستان و پیك هاتنی دەولەتی سەربەخۆیە، ئازادی و خۆش گوزارنی خەلکە، ژیانی ئارام و ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسیە، یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوانە، واتە هەرچی بە قازانجی خەلکی کریکارو زەحمەتکیشە بۆ یەکیتی نیشتمانی کوردستان خەتارناکە و هەرەشە لە بەرژەوەندیان دەکات.